# دیموکراسی و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی

ئا: باوان عومەر

بەرهەمێکی تری وەرگێر عادل عەلی نامیلکەی (دیموکراسی و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی)یە کە لە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە (31)ی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانەوە بە قەبارەی(50) لاپەرە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدییەوە بەچاپگەیەنراوە.

دیموکراسی و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی لە نووسینی د. حەمید حسین کازم ئەلشەمەرییەوە و عادل عەلی کردویەتی بە کوردی، ئەم نامیلکەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، کە ئاماژە بە چەمکەکانی (بەشداری سیاسی، فرەیی سیاسی، دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، پاراستن و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ) دەکات.

لە سەرەتای نامیلکەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە "پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە خولقاندنی باروودۆخ و رەخساندنی مەرجەکانی هەماهەنگی لەگەڵ پێشکەوتنی دیموکراسی، واتە گەشەپێدانی سیاسی لە کۆتاییدا ئامانجی بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی هاوچەرخ و پێشکەوتووی دیموکراسییە".

د. عەبدول مونعەم نەجدەت سەبارەت بە بەشداری سیاسی دەڵێت "بەشداری سیاسی ئامانجی گۆڕینی دەرهاویشتەکانی سیستمی سیاسییە، بەشێوەیەك بگونجێ لەگەڵ داواکارییەکانی تاك و گروپەکان".

لەلای بەشێکی لێکۆڵەران و بیرمەندان چەمکی بەشداری سیاسی بەو مانایە بەکاردەهێنرێت، کە دەرچووی بریارە باڵاکان گوزارشت لە داخوازی کۆمەڵگە دەکات. لە شتێکی تری ئەم وەرگێردراوەدا ئاماژە بە فرەیی سیاسی کراوە" شەرعیەت و فرەیی هێزەکان و بۆچوونە سیاسیەکان و مافەکانیان، بەمانای پێکەوە ژیان و گوزارشتکردن لە خۆیان بەشداریکرن و کاریگەری دروستکردن لەسەر بریاری سیاسی لە کۆمەڵگەدا دێت، پاشان ئەو بەشدارییە دەبێتە مایەی کاریگەری دروستکردن لەسەر پرۆسەی بریاری سیاسی".

لە بەشێکی تری ئەم پارەئاماژە بە جیاکارییەك




کراوە لەنێوان فرەیی سیاسی و فرەیی حیزبیدا، فرەیی سیاسی بەشێوەیەکی فراوان وا باسدەکرێت، کە پێویستە فرەیی حیزبی لەخۆیدا کۆبکاتەوە، لەبەرئەوەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان، ئابوری و کەلتوری و سیاسیە جیاوازەکان بەرجەستە ئەکات، بەڵام فرەیی حیزبی بەمانای فرەیی سیاسی نایەت، بۆیە فرەیی حیزبی بەشێکی تەواوکاری فرەیی سیاسییە".

یەکێکی تر لە بنەماکانی دیموکراسی ئاڵوگۆری ئاشتیانەی دەسەڵاتە، کە دەسەڵات لە دەستی تاکەکەسدا نەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی دەوری لەژێر سایەی هەڵبژاردنی ئازاددا دەسەڵات ئاڵوگۆر بکات، کەواتە فەرمانرەوایانی هەڵبژێردراو بەگوێرەی دەستوور دەسەڵاتەکانیان پیادەبکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.